## بۆ ژوانی تۆ

رەحمان سۆفی

مرواری دەریای خەبات بووم

ڕێبوری ڕێی هات و نە هات بووم

خڵتەی سێڵاوی شۆڕشم

دڵۆپی خوێنی گەلێک گەشم

ڕاماو، بۆ زەوی داچەماو

کۆڵنەدەری گیان خاراو

لە دوندی سپی،سپی سەرەوە

وردە هەنگاوم بە رەو کۆتاییە

کووڕ و کۆم، نزیکە زەوی

بۆ ژوانی تۆ دەبم من نەوی

ئاگوستی 2013 - سوێد

## خەفەتبار نەبی

شەوی بە سەر چوو،

ڕۆژی نە هاتو،

چاوەڕوانی هەنوکەش

نا پیاوانە گیان پڕوکێنن.

دڵەکەم ! خەفەتبار نەبی

سروەی تێپەڕیو

یادی دوێنی بەمڕۆ دەبەخشێ

پڕشنگی هەتاوی سەوز

ئاژینی ئاوەنیای هەنووکە دەبێ.

گۆی زەوی لە مێژ ساڵە

تینی هەتاوی لە خۆ گرتووە

بۆ ژوانی ژیان خۆی تیفتیفە داوە.

ئاگوستی ٢٠١٣ – سوێد

**هەستێکی پیرۆز**

دڕدۆنگ و خەفەتبارنبی،لالۆ

با شایەرانی بەرماو خۆری زەمان،

گۆرانی و لاوژەی خۆیان بۆ

دەسەڵاتدار و خاوەن دۆلار بچڕن

یان گەمژانە دڵخۆش، دۆلار بژمێرن

خۆ بە ئاقڵ بزانن و خۆ بنوێنن

منی سەر خۆشی دڵ ناخۆش

شەپۆلی هەستێکی زۆر پیرۆز،

تەمی لێڵی دوودڵیم دەڕەوێنێ

تەرمی ناکامی و ناخۆشیم

لە گۆڕستانی نامۆیدا دەنێژێ

ئاگوستی 2012 – سوێد

**هێزی وشە**

پۆلی وشە، لە دڵی گوڵەوە

بە دەم باوە دەشەکێنەوە

لەگەڵ بێژەرانی ئەشکەوت

سنوری گومان دەرباز دەکەن.

لە « مووسا » تێپەڕ دەبن

دەگەنە « سوکراتێس «
« هەموو شتێک مرۆڤە و »
وشەگە لەگەڵ بەرد و ئەستێرە
شەپۆلی زەریا پێک دێنن
وشەگە لە زەینی شاعیرەوە
ددان و لێو بە جێ دێڵن
بۆ ژوانی تۆ لوزوە دەبەستن
« دڵەکەم خۆشم دەوێی.»
وشەگە لە دڵی منەوە بۆ دڵی تۆ
پڕ سۆزترین گۆرانی دەڵێنەوە
ئاگوستی 2013 - سوێد

**نەهاتی شاعیر**

نەهاتی شاعیر ئەوساتەیە کە
رەنگی ئاسایی لە خۆ گرتبێ، و
ماخولیایی تایبەتی ناخی نەهەژێنێ.
لە هەمووش سەمەرەتر ئەوەیە، کە
بزەی پڕ سۆزی کۆرپەیەک
ئەسرین لە چاوەانی نەبارێنێ.
تایبەت بوونی شاعیریش ئەوەیە کە
شاعیر وەک هیچکەس نییە،
هیچ کەسیش وەکو ئەو نییە.
ئاگوستی ٢٠١٣ – سوێد

**شەو خەیاڵ**

گەژە بای بەهاژەی شەو

کۆشکی بیرم دەلەرزێنێ

باڵۆرەی ڕێبوارێکی بێخەو

ناخ و دەروونم دەهەژێنێ

گۆماوی ئارامم دەشڵەقێنێ

مەودای تێڕامانم ناگاتە بەیان

وردە وەنەوز هێرش بۆ چاوم

مەلی شەوخەیاڵ لە پێنوسەوە

لە دڵی سپی دەفتەرەکەم دا

لە هێلانەی ئەرخەیانیدا

سەرلەسەر سەرین، دڵنیا دەنوێ

ئاگوستی ٢٠١٣ – سوێد